# هەرکەسانێک لە دانیشتنێکدا دابنیشن ولەو شوێنەدا یادی خودا نەکەن، ئەوا وەکو ئەوە وایە لەسەر سفرەی لاکی گوێدرێژی تۆپیو هەستا بن، و (لە ڕۆژی قیامەتدا) پەشیمانی وحەسرەت بۆ ئەوانە

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسانێک لە دانیشتنێکدا دابنیشن ولەو شوێنەدا یادی خودا نەکەن، ئەوا وەکو ئەوە وایە لەسەر سفرەی لاکی گوێدرێژی تۆپیو هەستا بن، و (لە ڕۆژی قیامەتدا) پەشیمانی وحەسرەت بۆ ئەوانە».
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە هەر کۆمەڵە کەسێك لە دانیشتنێکدا بن پاشان هەستن ویادی خودا نەکەن تێیدا؛ ئەوا وەکو ئەوە وایە لەسەر لاکی گوێدرێژی تۆپیو هەستا بن کە چەندێك پیس وبۆگەنە، چونکە بەهۆی قسەکردنەوە سەرقاڵ بوون ویادی الله یان نەکرد، وئەو دانیشتنە دەبێتە هۆی دڵتەنگی ودۆڕان وپەشیمانیەکی بەردەوام لە ڕۆژی قیامەتدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3910

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee